هەولێر وەرزش
یەکشەممە 2010/1/31
ژمارە 265

شارەپۆڤا دان بەوەدا دەنێت کە ئاستی زۆر دابەزیوە

کەس لەو بڕوایەدا نەبوو کە ماریا شارەپۆڤای خانمە یاریزانی ڕووسی و پۆلینی 14ەیە، لەسەردەستی هاونیشتمانیی خۆی ماریا کیریلینکۆ بدۆڕێنێت، کە ئەمەی دوایی لە پۆلینی 59 دێت، بەڵێ شارەپۆڤا ئەوە یەکەمجارییەتی لەماوەی حەوت ساڵدا لەیەک لەچوار پاڵەوانێتییکەی گراندسلام بکرێتەدەرەوە.

شارەپۆڤا دان بەوەدا دەنێت کە ئاستی زۆر دابەزیوە و توانای ئەوەی نەماوە لە رکابەرییەکاندا بەردەوام بێت.

شارەپۆڤا دەڵێت: هێشتا لەسەرمە زیاتر ئاستم باش بکەم، پێویستە ئەو ئاست باشییەشم لە هەموو ڕوویەکەوە بێت، دەبێ زیاتر خۆم بسەپێنم.

میکرۆسکۆپ

عیماد قادر

* بەپێی زانیاریمان گوڕمەی دوو ملیۆن و نیو دینار پارە زیاتر خەرج کراوە بۆ کۆنگرەی یەکێتی ناوەندی بنیاتنانی لەشی کوردستان کە لە ڕۆژی هەینیی ڕابردوو بەسترا بۆماوەی یەک کاتژمێر و ژمارەی ئامادەبووان نەگەیشتە 20 کەس و باوەڕ ناکەم نانی نیوەڕۆشیان خواردبێت لەبەر نوێژی هەینی و نازانم چۆن پسوولەی خەرجییەکانیان ڕێکخستووەو دەبێ ڕای لێژنەی ئۆلۆمپیی کوردستان چ بێت و لە پسوولەکان چییان نووسیوە؟

* زۆر لە چاودێران و برا پسپۆڕ و ڕۆژنامەنووسان گلەیی و گازاندەیەکی زۆریان ئاڕاستەی یانەی سلێمانی و سیروانی نوێ کرد بەهۆی دەستکێشانەوەیان و بەشدارینەکردنیان لە خولی نایابی ئێراق، کەس بە تەواوی باسی هۆی سەرەکیی دەستکێشانەوەکە ناکەن کە نەبوونی پارەیە و باسی شتی لابەلا دەکەن، بە کورتی و بەکوردی ئەگەر هەر لایەنێک بەرپرسیاریەتی خەرجی بخستایە سەر شانی خۆی، ئەم دوو یانەیەش حەزوئارەزووی بەشداریکردنیان هەبوو وەکو یانەکانی دیکەی پارەدار بێ منەت بەشداریان دەکرد.

* زۆر لەسەرپەرشتیارانی یارییەکی خولی تۆپی پێ ڕاپۆرتەکانیان بەرزدەکەنەوەو بە کەیفی ناوبژیوانەکان ئەگەر گەورەترین هەڵەش بکەن ئاماژەی پێ نادەن بۆئەوەی برادەرایەتییەکەیان درزی تێ نەکەوێت و لێیان تورەنەبن، برادەرایەتی باشترە لە وەرزش، وەرزش دێت و دەڕوات، بەڵام برادەرایەتی هەتا هەتایە.

* ئاستی ناوبژیوانانی جامی نەتەوەکانی ئەفریقا زۆر نزم بوو، هەڵەکانیان بووە هۆی دەرچوونی هەردوو هەڵبژاردەی کامیرۆن و کۆت دیڤوار کە کاندید کرابوون بۆ بەدەستهێنانی جامەکە، پێویستە ناوبژیوانانمان تەماشای ئەم جۆرە یارییانە بکەن و دەرسی لێوەربگرن و تووشی هەڵەی لەم جۆرانە نەبن.

باسکت بولا یانا دهوک.. قارەمانەکا بێ هە ڤرکە دخولا عیراقێدا

ئازاد گوڵەیی

پشتی کو یانا دهوک یا باسکت بولێ، شیای دوەرزێ بوریدا،بو ئیکەمینجار ددیروکا خودا ناسناڤێ قارەمانیا ئیراقی بو یانێن خولا نایاب ب دەستخوڤە بینیت، وەسایا دیارە کو دێ وێ دەستکەفتێ دووبارە کە تە ڤە،و ناسناڤێ خو پاریزیت..

دگەریانە کێدا دناڤ لاپەرێن یاریێن یانێ دخولا ئەڤ ساڵەدا، وب تایبەت پشتی قوناغا ئیکێ ژ خولێ ب دوماهیک هاتی، دێ بینین کو یانا دهوک وب سەرپەرشتیا ڕاهێنەرێ وێ حەمزە عوبەید، دەهر 9 یاریێن خودا سەرکەفتن بدەستخوڤە ئینایە

بوقارە مانیا ڕوژئاڤا ئاسیا ئەوا دێ ل 18ی هەیڤا ئاداری ل ئیرانێ هێتە کرن،وژبەر وێ چە ندێ کە مپە کا ڕاهێنانێ یا 13 ڕوژی بو تیما خو ل ئستە مبولا تورکی ئامادە کریە،دێ ژ 5ی ئاداری دە ستپێکە ت،وچە ندین یاریێن هە ڤالینی دگە ل یانێن تورکی ئە نجامدە ت.. ودیسان وهە ر ل تورکیا،دهێتە چاڤە ڕێکرن کو شاندە کێ یانێ بە ری سە رە دانا تیما یانێ بە رە ڤ تورکیا بڕیکە ڤیت ب مە رە ما دە ستنیشانکرن وژێ گرتنا دو یان سێ یاریکە ڕێن بیانێ،داکو هە ڤبە ستە کێ دگە ل ئیمزا بکە ن وپشکداریێ دگە ل یانێ دا بکە ن دقارە مانیا ڕوژئاڤا ئاسیادا.. دهێتە زانین کوتیما باسکت بولا یانا دهوک یاوە ڕزشی،یانە یا ئیکانە یە ژ یانێن هە ڕێما کوردستانێ پشکداریێ دخولا ئیراقیدا دکە ت ب یاریا باسکت بولێ؟؟وئە ڤە تشتە کێ سە رنج راکێشە!

خولی تۆپی دەستی لاوانی یانەکانی سلێمانی دواخرا

چیابان چاوجوان- سلێمانی:

ئەگەرچی بڕیار بوو لە 25ی ئەم مانگە خولی تۆپی دەستی لاوانی یانەکانی سلێمانی بەڕێوەبچێت، بەڵام ئەو خولە بۆ مانگی داهاتوو دواخرا، لەمبارەیەوە سەرچاوەیەک هۆکاری دواخستنی ئەم خولەی بۆ سەرقاڵیی ناوبژیوانانی ئەو یاریە گێڕایەوە، بەتایبەت کە ئێستا لەگەڵ هەڵبژاردەی ئێراق، لەدەرەوەی وڵاتن، خولی تۆپی دەستی لاوانی یانەکانی سلێمانی لەلایەن لقی سلێمانی یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان سەرپەرشتی دەکات و هەریەک لە تیپی لاوانی یانەکانی سلێمانی و سیروانی نوێ و سەرچنار و هەرەوەها تیپی کراوەش وەک کۆلیژی وەرزشیی زانکۆی سلێمانی و پەیمانگای وەرزشیی سلێمانی بەشداریی تێدا دەکەن و بڕیاریشە یاریەکان لەسەر یاریگای تۆپی دەستی یانەی سلێمانی ئەنجام بدرێت، بەڵام خولەکە بۆ کاتێکی نادیاری مانگی داهاتوو دواخرا.

ئامادەیی ئازادی خولی تۆپی پێی پەروەردەکانی هەولێر دەباتەوە

لە چوارچێوەی پێشبڕکێی وەرزشیی پەروەردەکانی سنووری پارێزگای هەولێر، سەر لەبەیانیی دوێنێ شەممە 30 ی کانوونی دووەمی 2010، بە ئامادەبوونی سەفین موحسین دزەیی وەزیری پەروەردە و جەماوەرێکی زۆری وەرزشی، لەسەر یاریگەی یانەی وەرزشی بروسک، دوا یاریی خولی تۆپی پێی پەروەردەکانی سنووری پارێزگای هەولێر لە نێوان هەردوو ئامادەیی ئازادی و ئەحمەدی خانی کۆران بەڕێوەچوو، دوای ئەوەی هەردوو گێمی یاسایی یارییەکە بەبێ گۆڵ بەرامبەر بوون، بۆیە پەنایان بردە بەر لێدانی پەنالتی یەکلاکەرەوە و لە ئەنجامدا ئامادەیی ئازادی بە لێدانی پەنالتی 8-7 گۆڵ یارییەکەی بردەوە.